کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-4-2007 0:45

## چوار ساڵ لە چاوەڕوانی "ئەگەر" دا، ئەزموونێکی پووچەڵ! ... ستار محەمەد قادر

وا بزانم بۆ کەرکوک جوانترین شت ئەوەیە بە زمانێ بدوێین گوزارشت لەو واقیعە بکات کە کەرکوک و کەرکوکییەکان ئەمرۆ تیایدا ژیان دەکەن. لە دەرەوەی راستی هەر شتێکی دی بڵێین تەنها خۆمانی پێ چەواشە دەکەین. لە رابردوودا کەرکوك هەرچی بووبێت، بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ئەمرۆ شتێکی دییە!.

ئەگەر ئاوڕ لە رابردوویەکی نزیك بدەینەوە، دەبینین رژێمێکی خوێناوی و خاوەن ستاتۆیەکی بەهێز لە رووی سیاسیی و سەربازی و ئابوورییەوە بەو چاوچنۆکییەی خۆیەوە لە گفتووگۆی ساڵی حەفتادا بەوە رازی دەبوو ئەم شارە لە گەڵ کوردا لە رووی ئیدارییەوە دابەش بکات، هەرچەندە ئەو چوار ساڵەی کە سەرکردایەتی ئەوسای کورد بە گەمەی دایەلۆگەوە بە سەری برد، ئەنجامێکی خەراپی لێکەوتەوەو بوو بە مایەی لە دەستدانی ئەو شۆڕشەی کە ئامادە نەبوو هەرگیز سازشکاری لە سەر کوردستانی بوونی کەرکوك بکات. سەرەڕای شکستی ئەو شۆڕشە بەڵگەیەکی مێژوویی لە بەیاننامەی "11"ی ئازاردا لە پاش خۆی بەجێهێشت، ئەویش لە دەستووری ئەوسای ئەو وڵاتەدا بە فەرمی دان بە بوونی گەلی کوردا دەنێت کە نەتەوەیەکی سەرەکییە لە پێکهاتەی ئەم وڵاتەدا.

ئەوجارچوار ساڵ چاوەڕوانی بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، بە زەرەرێکی گەورە لە سەرمان کەوت، چوار ساڵی ئەمجارەش جارێ ئایندەی دەست نیشان نەکراوەو لەم ساتە وەختەدا کە حکومەت، حکومەتەکەی جاران نییەو هەردوو باڵی سوونەو شیعە لە شەڕێکی خوێناویدان، بە داخێکی زۆرەوە ئەوەی لە زمانی بەرپرسەکانەوە گوێبیستیان دەبین خۆی لە وشەی "ئەگەر"دا وێنا دەکات!. "ئەگەر"ەکان هێندە زۆرن، وابزانم مرۆڤ دەخاتە خانەی گوومانەوە کە ئەمجارەشیان وا بە سانایی بگەن بە کلیلی چارەسەری یەکجاری ئەم شارە. ئەگەر وا بڕیار بێت مادەی"140" بخرێتە واری جێبەجێکردنەوەو مالکیش وازۆی لە سەر کردبێت؟، باشە بۆ ئەبێت"ئەگەر"ی دی لە زاری بەرپرسەکانەوە ببیستین؟. لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ لە دووتوێی ئەو هەموو" ئەگەر"ا نەوە، "ئەگەر"ی ئەوە بدۆزێتەوە کە سەرکردایەتی کورد رەنگە نەتوانێت بە شەفافی هۆکاری ئەو"ئەگەر"ە درووستبووانە بۆ کۆمەڵانی خەڵك روون بکاتەوە!. "ئەگەر"یش لەو پشتێنە ئەمنییەی ساڵی "1991" بڕوانین، دەبینین چ سنوورێکی ئیداری ئەوسا بۆ کورد دەستنیشان کرابوو، تەسلیم کردنی شارێکی وەکو کەرکوك بە دەستی قەدەری"ئەگەر"ەوە زوڵمێکی گەورەیە لە خۆمان و لە مێژوومان دەیکەین. گەلی کورد لە بەرانبەر ژمارەی"4"دا ئەزموونێکی تاڵی هەیە، ئەگەر لەو چوار ساڵەی یەکەم بڕوانین، دەبێت پەندمان لێی وەربگرتایە. لێ ئەوەی لە سەر ئەرزی واقیع دەبینرێت، بەوە ناکات هیچ جۆرە ئەزموونێك لەرابردووەوە فێر بووبین. هۆکاری ئەو هەموو "ئەگەر"ا نەش من بەتەنها بۆ دەسەڵاتی کوردی نایانگەڕێنمەوە، بەڵکو ئەگەر لە کوردستاندا توێژێك هەبێت بە ناوی رۆشنبیرانەوە ئەوانیش لێی بەرپرسیارن، چونکە ئەوان بە تەمان لە زاری بەرپرسەکانەوە گوێبیستی رووداوەکان بن، لە کاتێکدا چەندەها کەناڵی ئاسمانی و چەندەها گۆڤار و بڵاوکراوەی دی لە کوردستاندا دەبێت ئیشیان چی بێت ئەگەر بە دواداچوون نەکەن بە دوای بابەتێکی وا هەستیاردا؟!. یان ناوەندی رۆشنبیری کوردی فێری مشە خۆری و سفرەی حازر بووە؟، دەنا ئەوە "مالکیی"ە لە ناوەندو وابزانم ئەنجامدانی دیمانەیەك لە گەڵیدا شتەکانمان زۆر جوانتر بۆ روون دەکاتەوە. یان دیاردەیەکی دی کە دوورە لە هەموو نەریتێکی رۆژنامەوانی، ئەویش بە دەگمەن دەبینین رۆشنبیرێك یان رۆژنامەوانێك بێت لە کەرکوك سیمینارێك یان لەو لەمپەرانە بکۆڵێتەوە کە ئاستەنگن لە بەردەم مادەی"140"دا لە کاتێکدا لە عورفی رۆژنامەوانی جیهانیدا رووداو لە کوێبێت ئەوان لەوێن!. بۆیە "ئەگەر" بەڕاستی بمانەوێت ئیش بۆ گەڕاندنەوەی ئەم شارە بکەین، دەبێت هەرچی قوورسایی خۆمان هەیە لە رووی رۆشنبیرییەوە لە پێناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەرکودا سەرفی بکەین، نەك کەرکوك وەکو زەوی"سووتماك"حەرام ببینین و لە هەمان کاتیشدا باس لە گەڕاندنەوەو پرسیاری جێبە جێکردنی مادەی"140"یش تەنها بخەینە ئەستۆی بەرپرسەکان و پرسیاری "ئەگەر و نەگەر"یان لێ بکەین!. بۆیە ئومێدەوارم لە مەو دوا ئەو نووسەرە سەر کێشانە لەم شارەدا ببینین کە سەر زمان و بان زمانیان کەروك و گەرمیان و کەس و کاری ئەنفال و کیمیا بارانە، چونکە ئەگەر بمانەوێت"ئەگەر"ەکان تەنها بە قسە بڕەوێنینەوە، وا بزانم دەبێت تا ئێمە ئەوە میکانیزمی کارکردنمان بێت، دەبێت هەر لە پێشوازی"ئەگەر"و"نەگەر"دا بین!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.